# هەڵەکانی هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە لە سەر هەڵبژاردن لە عێراقدا

هاشم رەزایی
hashem91@hotmail.com

*خوێنەرانی هێژا: ئەمە دەقی وتارێکە کە هاوڕێ هاشمی رەزایی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی عێراق نووسیویەتی و "شۆڕش" بە باشی زانی چاپی بکات.*

- دژایەتی هاوڕێ برایم و حیزبەکەی لە روانگەی بەرتەسکی ئایدیۆلۆجییەوە لەگەڵ خۆ تێ هەڵقۆرتاندن و خۆ تێوە تلاندنی ئەمریکا، ئینگلیس و هاوپەیمانەکانیان لە عێراق (ئەوە ئاشکرایە کە ئەمانە هەر کام بەرژەوەندی دوور و نزیکی خۆیان لە بەر چاو دەگرن) ئەوەندە کورت بینن کەناتوانن لاپەڕە سیاسییەکانی پۆزێتیڤی ئەم ئاڵ و گۆڕانە، ببینن و گەلی کورد هان بدەن بۆ ئەوەی ئەو هەلە بقۆزێتەوە.
- وشەی قوڕبەسەری دێمۆکراسی کە زۆر زەحمەتە مانایەکی وەهای بۆ بدۆزیتەوە کە هەموو کەس بە بێ بیرکردنەوە بیسەلمێنێ و بزانێت مەبەست چییە، وشەی دێمۆکراسی هەر کەس بە مەیلی خۆی لە سەر و گوێی دەبڕێ و هەر بەم ناوەوە ناوی دەبات. هەر وەك چۆن رژیمی جمهووری ئیسلامی بە خۆی دەڵێت: "دێمۆکراتترین وڵاتی جیهانە".

## پێشەکی

ماوەیەك لەوە پێش رۆژنامەی چاودێر وتووێژێکی کرد بوو لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکەی عێراق کە قەرارە رۆژی یەك شەممە ٢٠٠٥/١/٣٠ بەڕێوە بچێت. بە پێی زانیاری رۆژنامەکان و هەواڵ نێرەکان، ١٢٠ حیزب لەم هەڵبژاردنە دا بەشدارییان کردووە و بڕیارە ئەندامانی پەرلەمانی کاتی عێراق،پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی شار و پارێزگاکان هەڵبژێردرێن. ناوەرۆکی بۆچوونەکانی هاوڕێ برایم (ئیبراهیم) سەرەڕای چاوەڕوانی بۆ داهاتوویەکی نادیار لە چەند لاوە جێگای سرنجە. دژایەتی هاوڕێ برایم و حیزبەکەی لە روانگەی بەرتەسکی ئیدئۆلۆژییەوە لەگەڵ دەست تێوەردانی ئەمریکا، ئینگلیس و هاوپەیمانەکانیان لە عێراق (ئەوە ئاشکرایە کە ئەمانە هەر کام بەرژەوەندی دوور و نزیکی خۆیان لە بەر چاو دەگرن) وای لێکردوون کەناتوانن لایەنی سیاسیی پۆزێتیڤی ئەم ئاڵ و گۆڕانە، ببینن و گەلی کورد هان بدەن بۆ ئەوەی ئەو هەلە بقۆزێتەوە. هاوڕێ برایم نەتەنیا ئەمانە نابینێت ، بەڵکوو وێنەیکی رەش و بێ دەرەتان لە هەل و مەرجی ئێستا نیشان دەدات.

## *رووخانی رژیمێك لە راپەڕین یان بە بێ راپەڕین، ئاکامەکانی؟*

هاوڕێ برایم دەڵێت: رووخانی رژیمی بەعس لە ئاکامی پرۆسەیەکی سروشتی خەباتی جەماوەری خەڵك لە عێراق دا نەهاتە کایەوە. ئەم قسەیە لە خۆیدا راستە، بەڵام ناکرێت لە سەر ئەم قسەیە بناغەیەکی فیکری ویشك (دگم) دامەزرێنی کە گۆیا ئەگەر رژیمی بەعس بە خەباتی جەماوەری بڕووخایە جۆرێك لە دێمۆکراسی لە عێراقدا داین دەکرا. با هیچ دوور نەڕۆین و چاوێك لە مێژووی چەند ساڵەی ئێران بکەین. دەزانین کە رژیمی شا بە راستی لە ئاکامی خەباتی جەماوەری خەڵك بە هەموو چین و توێژەکانییە وە رووخاو لەم رێگایە دا سەدان هەزار کەس گیانی خۆیان فیدا کرد. بەڵام دیتمان کە رژیمێکی کۆنە پەرەستی وەك سەدەی ناوەڕاست هاتە سەر کار و دەسەلاتی رەشی خۆی تا ئێستا بە سەر گەلانی ئێراندا سەپاندووە. دوای تێپەڕ بوونی چەند مانگ بە سەر دەسەڵاتی خۆی هێرشیان کردە سەر کوردستان و کارەساتی نەورۆزی خوێناوی ساڵی ١٣٥٨ ی شاری سنەیان خولقاند.

من پێم وایە تەنانەت ئەگەر رژیمی بەعس بە خەباتی جەماوەری خەڵکیش بڕووخایە رەنگە ئەو کاتیش دەسەڵات بکەوتبایە دەستی شیعەکان. ئەگەر سرنج بدەینە باسەکەی هاوڕێ برایم، رێك هەر ئەو نەتیجەیەی لێوەردەگرین. نەك هەر هێزە چەپ وکۆمۆنیستەکان، بەڵکوو هەموو هێزە سێکۆلار و خەباتکارەکان لە عێراق لە ژێر زەختی جۆرەها دیکتاتۆرییەدا، مەجالی ئەوەیان نەبووە خۆیان رێك بخەن و لە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی ئەم دەورەیەی عێراقدا دەور ببینن. لە لاپەریە دوو دا دەڵێ: ئایینی شیعە ... بەردەوام خۆی وەك حیزبێکی رانەگەیێندراودەسەلاتێکی نارەسمی و دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا رێك خستووە... ئەم جەریانە (شیعە) ئەگەرچی لە دەورەی دەسەڵاتی بەعس دا مەجالی خۆ چالاکی ئاشکرای نەبوو، بەڵام بە شێوەیەك بوویێت گەلێك لە سوننەتەکانی خۆی پاراستووە. مەبەست ئەوەیە کە لە باشووری عێراق ئەم جەماوەرە بە کرێکار و

زەحمەتکێش و ڕووناکبیر و چین و توێژەکانی دیکەشیەوە ئەگەر دەرفەتی ئەوەی نەبووە کە وەکوو حیزبێك چالاکی ڕاستەو خۆ بنوێنێ بەڵام بە کردەوە لە ژێر کاریگەری ڕەوتێکی ئایینی شیعەدا بووە، ئەگەر تەنانەت زۆر باوەڕیشی پێی نەبووبێ.
بۆ خوێنەر دەر دەکەوێت کە بیر وڕای هاوڕێ برایم لە ناخی خۆیدا ئەوەیە کە ئەگەر دار و دەستەی سەدام بە شاڵاوی ڕاپەڕینی خەڵکیش بڕووخایە ئەوە هەر شیعەکان بوون کە دەسەڵاتی سیاسییان بە دەستەوە دەگرت. هەروەك ئێستاش کە شیعەکان زۆرینەن لەعێراقدا و کەس گومانیلەوە نییە کەلەم هەڵبژاردنەشدا شیعەکان دەبنە زۆرینە لە پەرلەماندا. بە پێی ئەو قسانە دەبینین کە ئەگەر ڕژیمی بەعس بە هەر جۆرێك بڕووخابایە شیعەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە دەگرت. ئەمریکاش بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە شیعەکان زۆرینەی دانیشتووانی عێراق پێك دێنن، دەکۆشێ بەشی سێکۆلاری شیعەکان، ئەوانەی کە هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئێران نییە، بێنە سەرکار.

***<u>هەڵبژاردن، پەرلەمان و "وەڵامی کێشە واقعییەکان"</u>***

بە ڕای من "هەڵبژاردن و "پەرلەمان" نەتەنیا یەك شت نییە، بەڵکوو دوو شتی بە تەواوی لە یەکتر جیاوازن. یەکەمیان کە هەڵبژاردنە، حەرەکەیەکی سیاسییە. بەو مانایە کە هەل و مەرجە سیاسییەکانە دیاری دەکات کە حیزبێك لە هەڵبژاردنێکدا بەشداری بکات یان نا. لە هەندێك وڵاتدا و لە کاتێکی دیاریکراودا هەل و مەرجێکی وا بۆ حیزبێك دێتە پێشێ (مەبەستم ڕەوتێکی سیاسی کۆمەڵاتییە، نەك گرووپێکی بچووك کە لە ناو کتێبەکان دا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بۆچوونی سیاسی خۆی بدۆزێتەوە) کە لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکات بە بێ ئەوەی بە قەت سەرە دەرزییەك بڕوای بە پەرلەمان هەبێت یان پێ وابێت پەرلەمان "کێشە واقعییەکان"چارەسەر دەکات، بەڵام هەر هەمان حیزب لە هەل و مەرجێکی سیاسی دیکەدا لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا خۆی دەپارێزێ.
هاوڕێ برایم باش دەزانێت کە "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" لە یەکەمین هەڵبژاردنەکان بۆ "مەجلیسی شوورای ئیسلامی" (لە بیرم بێت لە ساڵی ١٣٥٨دا) بەشداری کرد. ئێمە ئەوکات وەك کۆمەڵە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکەمان بە هەنگاوێکی باش و سیاسی و لە پێناو قازانجی میللەتی کوردمان دەزانی و خەڵکمان هاندا بۆ ئەوی لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری بکەن. من ئێستاش هەڵوێستی ئەو کاتەی کۆمەڵە بە دروست و ژیرانە دەزانم. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوکات ئێمە بڕوامان بە جمهووری ئیسلامی هەبوو؟ نایا ئەو کات ئێمە بڕوامان وابوو کە پەرلەمان "وەڵامی کێشە واقعییەکان دەداتەوە؟نا

لێرەدا نامەوێ هەل و مەرجی ئێستای عێراق و ئەو کاتی ئێران وەکوو یەك هەڵسەنگێنم، بەڵکوو تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە نیشانی بدەم کە ئەم جۆرە لێکدانەوەیەو بیر و بووچوونەی هاوڕێ برایم چەندە هەڵەو سەیرە کە دەڵێ پەرلەمانێك کە دێتە سەر کار دەبێ "وەڵامی کێشە واقعییەکان"بداتەوە.

هاوڕێ برایم ئەوەندە ئاڵۆز قسە دەکات و ئەوەندە چاوەڕوانی بێپایە و بناغە دێنێتە ئاراوە هەتا نەتیجە بگرێت کە "ئەگەر لە پەرلەمانێکدا کە بەم هەڵبژاردنە دێتە سەرکار و ئەو دەستوورە کە لەودا پەسند دەکرێت نەتوانێ وەڵامی کێشە واقعییەکان بداتەوە و ئاڵۆزتریشیان دەکات. ئەو کاتە زیانەکانی ئەو پێش ڕەسە زۆرتر دەردەکەون".

کێشە و ململانێی ناو پەرلەمان ڕەنگدانەوەی ئەوە هێزانەیە کە لە ئارادان، بە واتەیەکی تر بە هەر رادەیەك کورد یان هەر هێزێکیتر تواناى هەیە هەر بەو رادەیە دەتوانێت دەور بنوێنێ.

هەموو کەسێك باش دەزانێت کە مەسەلەی کورد یەکێك لە گرنگترین و ئاڵۆزترین گیر و گرفتەکانە. ئاڵۆزی مەسەلەی کورد گرفتێکی یەك ساڵ و دوو ساڵ نییە و لە پڕ سەری هەڵدابێ، مەسەلەی کورد پێشینەیەکی سەدان ساڵە هەیە. چارەسەر کردنی ئەم گرێ پووچەکەیە کارێکی یەك مانگە و دوو مانگە نییە. بەڵام کاك برایم چاوەڕوانی ئەوەیە کە کێشەی سەدان ساڵەی کورد، لە ماوەیەکی چەند مانگیدا، ئەویش لەو ئاڵۆزییەی ناو عێراق و ناوچەیەدا، بە بوونی ئەو هەموو سەگ و گورگەی کە ددان لە کوردەکان تیژدەکەنەوە، وەڵام وەربگرێتەوە!!! ئایا ئەمە چاوەڕوانیەکی دروستە؟ گونجاوە؟ پراکتیزە دەبێت؟

لێرەدا کە هاوڕێ برایم پێوایە کە پەرلەمان دەبێت ئەو کێشە چارەسەر بکات بەڵام چەند لاپەڕە دواتر شتێکی تەواو بە پێچەوانەی ئەوە دەڵێت : "ئاڵوگۆڕی جیدی لە عێراق پەیوەندی هەیە بەمانەوە یان نەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە، یان چۆنیەتی مانەوەیان... هەر وەکوو وتم ئاڵوگۆڕی گرنگ پەیوەندی بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە هەیە".

هیچ گومانێکم لەوەدا نییە کە نەمانەوەی ئەمریکا لەم سەردەمەدا گەورەترین زیان و مەترسی بۆ میللەتی کورد بە دواوە دەبێت (هاوڕێ برایم ڕەنگە جۆرێکی دیکە بیر بکاتەوە). بەڵام لێرەدا لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك برایم هەم کە ئاڵوگۆڕی گەورە پەیوەندی بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە هەیە. لێرەدایە کە ئاڵۆزییە فیکرییەکانی کاك برایم دەردەکەوێت. لە لایەکەوە دەڵێت کە: "ئەم پەرلەمانە دەبێ وەڵامی کێشەی واقعییەکان بداتەوە" وە لە لایەکیترەوە ئاڵوگۆڕەکان پەیوەند دەدات بە سیاسەتی ئەمریکاوە. کاك برایم پێمان ناڵێت کە بەکام یەك لەم قسانە باوەڕ بکەین؟ ئەگەر هەموو "ئاڵوگۆڕێکی گرنگ پەیۆەندی بە سیاسەتی ئامریکاوە هەیە" ئەی بۆچی ئەو چاوەڕوانیەت لە پەرلەمانی عێراق هەیە کە دەبێ وەڵامی کێشە واقیيەکان بداتەوە؟؟؟!!!

***بۆچی هاوڕێ برایم وشە دالەرێژێ و هەر خۆی بەگژیاندا دەچێت؟***

ڕۆژنامەی چاودێر پرسیار دەکات و دەڵێ: "ئەو پروسەیەی کە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانی ئەفغانستان هاتە گۆڕێ و ئەو هەوڵەی کە ئێستا لە ئەفغانستان هەیە، لە وڵاتێك کە سیخناخ بووە لە مەزهەب، لە دین، لە ئایین، لە هەموو شتەکان، باشترە لە ئەفغانستانی پێش ئەم هەل و مەرجە..."

با بزانین چۆن هاوڕێ برایم پرسیارەکە بە لاڕێدا دەبات و وڵامی دەداتەوە!

وەڵام: "سەرەتا ئەوە بڵێم کە من پێم وا نییە دەزگایەك کە ئێستا لە ئەفغانستان دەسەڵاتی بە دەستەوەیە نوێنەری خواست و ئاواتەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەی، یان ڕەنگدانەوەی ویستەکانی ئەوان بێت."

لێرەدا هاوڕێ برایم وریایانە وشەی "رای خەڵکی" و "هەل و مەرجی دڵخواز" دێنێتە گۆڕێ لە کاتێکدا رۆژنامەوانی چاودێر هەر باسی ئەو وشانەی لە کوولەکەی تەڕیشدا نەکردووە و ناویشی نەبردوون. بەڵام کاک برایم تێدەکۆشێ بەم جۆرە لە باری سایکۆلۆجیوە مێشکی خوێنەرانی ئەو وتووێژە بەرە و هەڵسەنگاندنی وەزعی ئێستای ئەفغانستان، بەرەو ئاراستەیەکی دڵخوازی خۆی بەرێت و بەم جۆرە ئەو دەسکەوتانەی کە لە ئەفغانستان بە دوای تاڵەباندا بەدەست هاتوون بە هیچ وپووچی دابنێت و دژایەتی لەگەڵ بکات. لەوە دەگەڕێین کە داخوا مەبەستی کاک برایم "وەزعێکی دڵخواز" چییە!!!!

بە بڕوای من هەر ئەوەندە کە خەڵکی ئەفغانستان لەناو ئەم هەموو عەشیرە و عەشیرە گەری وپاشاگەردانی دا توانیویانە پرۆسەی هەڵبژاردن بەرێوە ببەن، هەر ئەوەندەی کە تۆزقاڵێك زەخت لە سەر کچان و ژنان هەڵگیراوەو دەتوانن بچنە قوتابخانە، ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە و نابێ چاوپۆشی لێ بکرێت و لە ژێر ناوی ئەوەی کە "وەزعێکی دڵخواز نییە" پەردەیەکی رەش بە سەر دەستکەوتەکانی دا بکێشین.

***دێمۆکراسی و هەڵبژاردن***

گومان لەوەدا نییە کە ئەوە ئاواتی هەموو ئینسانێکی دێمۆکرات و پێشکەوتنخوازە کە لە هەموو هەڵبژاردنێکدا هەل و مەرجێکی دێمۆکراتی زاڵ بێت بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانێت بە دوور لە هەر چەشنە مەترسییەك و ئازادانە بیرورای خۆی دەربڕێت و نوێنەری دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت و یان وەك نوێنەر هەڵبژێردێت.

هاوڕێ برایم دەڵێ: "بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە ئێستا تەنانەت بە پێی ستاندارەکانی دێمۆکراسی رۆژئاواییش، هەلومەرج ئامادە نییە... دەی وەختێ دێمۆکراسی نییە، چون دەکرێ لە رۆژی دەنگدان چاوەڕێی ئەوە بین ئەو دەنگەی کە دەخرێتە ناو سندووقەکان، رەنگدانەوەی ویستەکانی جەماوەر بێت. تەنانەت ئەگەر خەڵك دەنگیش بدات مۆری هەزار جۆرە وەحشەت و نیگەرانی و زەختی پێوەیە؟"

وشەی قوڕبەسەری دێمۆکراسی کە زۆر زەحمەتە مانایەکی وەهای بۆ بدۆزیتەوە کە هەموو کەس بە بێ بیرکردنەوە بیسەلمێنێ و بزانێت مەبەست چییە، وەك چۆن دەڵێن "پەتاتە" بۆ هەموو کەس رۆشنە مەبەستی چییە وئەم پەتاتەیە دیمەن و سیمای چۆنە. بەڵام ووشەی دێمۆکراسی وا نییە و هەر کەس بە مەیلی خۆی لە سەر و گوێی دەبڕێ و هەر بەم ناوەوە ناوی دەبات. هەر وەك چۆن رژیمی جمهووری ئیسلامی بە خۆی دەڵێت: "دێمۆکراتترین وڵاتی جیهانە". و یان بە پێچەوانە ئەم دێمۆکراسییە ئەوەندەی پەرە پێ دەدەن تا دەگاتە ئاستی سۆسیالیزم.

لێرەدا سەیری دووهەڵبژاردن بکەن کە لەماوەی یەك مانگی رابوردوودا یەکیان لە فەلەستین و ئەوەی تریان لە ئۆکراین بەرێوە چوو. هاوڕێ برایم! ئایا بە گوێرەی قسەکەی تۆ هەڵبژاردنەکەی ئۆکراین "مۆری هەزار جۆرە وەحشەت و نیگەرانی و زەختی" پێوە نەبوو؟؟؟؟ ئایا لەوێ مەترسی شەڕی ناوخۆیی نەهاتە گۆڕێ؟؟؟ ئایا هەڕەشەی ئەوەنەکرا کە وڵاتەکە بەش بەش دەکرێت؟؟؟

ئەو هەڵبژاردنەی کە لە فەلەستیندا کرا "مۆری هەزار جۆرە وەحشەت و نیگەرانی و زەختی" پێوە نەبوو؟؟؟!!!! کە زیاتر لە ٧٠ لەسەدی خەڵکی فەلەستین بەشدارییان تێدا کرد.

لەم نووسراوەیەدا ویستم نیشان بدەم کە ئەم بڕووبیانووانەی کە کاک برایم دەیان هێنێتەوە وەک ئەوەی کە:

- "دێمۆکراسی" نییە
- پەرلەمان ناتوانێت، "وەڵامی کێشە واقعییەکان" بداتەوە
- "نەفسی رووخانی رژێم لەئاکامی پرۆسەیەکی سروشتی خەباتی جەماوەری لە عێراقدا نەهاتەکایەوە" تیۆری دگمیان بۆ دادەتاشێ و نەتیجەگیری هەڵەی لێدەکات.

چەند لە راستییە سیاسییەکان دوورن و چۆن ناوبراو هەلومەرجە سیاسییەکان بەهەڵە لێکدەداتەوە.

٢٠٠٥/١/١٨